## کۆمەڵەی هونەری میللی کوردستان

**ژمارە:**24

**دەستەی باڵا**

**بەروار:** 15 / 7 / 2010



**بەیاننامەی نارەزایی**

**بۆ سەرجەم خاوەن هۆڵی بۆنەو ئاهەنگەکان**

لەکاتێکدا لای هەموان ئاشکرایە کە بژێوی ژیان چەند سەخت و دژوارە بە تایبەتی بۆ چینی هەژارو مامناوەند وەکو ئاشکرایە کە ئێمەی هونەرمەندی میللی بژێوی ژیانی ماڵ و خێزانمان لەسەرئەو ئاهەنگانە بوو کە لە هۆڵەکاندا دەمانگێرا و ئێمەو ئێوەش سوود مەند بووین لە و مامەڵە کردنەو تا ئێرە کە دەتوانین بیگێرینەوە بۆ ساڵ و نیوێک پێش ئێستا ئیش و کارەکانمان ئاسایی بەرێوە دەچوو,بەڵام ئەوە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك زیاترە لە لایەن چەند خاوەن هۆڵێکی چاو چنۆك و برسی کە بە کرێ ی هۆڵ وشێوازەکانی تری پارە کێشانەوە لە خاوەن ئاهەنگ هەر لە خواردن و شەریك بوون لەگەڵ وێنەگرەکانی فیدیۆو فۆتۆگراف و ساڵۆنەکان وسەرای ئەوەش بوون بە هۆی نان برین و بی ٚ کار بوونی زۆربەی هونەرمەندە میللی یەکان ئەمە لە کاتێکدایە کە هونەرمەندەکە خۆی لە ژیاندایە و بێ کارو کاسپی ئەسورێتەوە و خاوەن هۆڵی بە ویژدانیش بە دەنگی ئەم و بە سیدی یەکانی ئەم بە ناوی (DJ)ەو پارە پەیدا ئەکات و لە لایەنێکی تر ەوە بوون بە هۆی نان برینی 350 خێزانی ئەم هونەرمەندانە کە بژێویان تەنها لەسەر ئاهەنگ گێرانە و ئێمە چەندین جار ئەم پرسەمان گەیاندۆتە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڵام دیارە تائێستا وەکو پێویست کاری جدی بۆ نەکراوە ولەبەر ئەوە لێرەوە هەموو لایەك ئاگادار دەکەینەوە هەرچیمان لە دەست بێت کەمتەرخەمی ناکەین لە پێناوی داکۆکی کردن لە مافەکانمان و چی دی ناهێڵین مافەکانمان زەوت بکەن ,لەبەر ئەوە داواکارین بۆ ئەوەی توندو تیژی نەکەوێتە نێوانی ئێمەو خاوەن هۆڵەکان ئێمە لیژنەیەکمان پێك هێناوە و رۆژانە بەسەرهۆڵەکاندا دەگەرێت ئەگەر بەرهەمی ئەو هونەرمەنە میللی یانەی ئێمە بۆ سازکردنی ئاهەنگەکانیان بە کاربهێنن ئەوا دڵنیابن بە هیچ جۆرێك رازی نابین ئەگەر بە شێوازی نا شارستانیانەش بێت ئەو ئاهەنگە رادەگرین و چی دی ناهێڵین بازرگانی بە بەرهەمەکانی ئێمەوە بکەن ,بەهیوایەی ئەم مەسەلەیە بە هێمنی چارەسەر بکرێت و ژیان و گوزەرانی ئێمەش بگەرێتەوە دۆخی جاران,

لەگەڵ رێزماندا,

**وێنەیەك بۆ:**

**-پارێزگای سلێمانی / بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەگەڵ رێزماندا.**

**-بە رێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری /بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزماندا**

**-بەرێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی /لەگەڵ رێزماندا**

**-بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزار/لەگەڵ رێزماندا**

**-بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی/لەگەڵ رێزماندا**

**کۆمەڵەی هونەری میللی کوردستان**